ئەنجومەنی وەزیران هەرەم ڕەزامەندی دەربڕی بە لەخشبونی 50٪ی قەرزی سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرەمی کوردستان، ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر لەخشبون بە ڕێژەی (50٪)ی سەر قەرزی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە مەرجێگ سەرجەمیان لە ماوەی مانگێکدا قەرزەکانیان بدەنەوە. کە لەکەی زیاتر لە 300 کەناڵی بیسترا و بینراوە، 94 کەناڵی بینراو و 132 کەناڵی بیستراو قەرزارن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرەمی کوردستان کە ئەمڕۆ سەشەممە بڵاویکردەوە، "بە واژوی حەمەی حەمەسەعید، وەزیری ڕۆشنبیری و بە نوسراوی ژمارە (1683)ی ڕێژی (28/5/2025) وەزارەتەکە داواکاری لەخشبون لە بەکی قەرزی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بەرزکردەوە بە ئەنجومەنی وەزیران".

لە دواکاریەکەدا هاتوە، "بە هۆی کێشەکبونی قەرزی میدیای بینرا و بیستراوەکان لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە دارایەی کە هەوی لە هەرەمی کوردستان کردوە و کەمبونەوە و نەمانی ئەو داهاتەی کە میدیا بینرا و بیستراوەکان پشتر بەدەستیان دەهێنا لە ڕێگەی ڕەکلام، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە ئەستا زیاتر لە ڕێگەی سۆشیالمیدیاوە ڕەکلام بە کاڵاکان دەکرێت، هەروەها لەسەر داوای زەربەی میدیا بینراو و بیستراوەکان داواکارین ڕەزامەندی بفەرمون لەسەر لەخشبون بە ڕێژەی (50%) لە قەرزەکان".

لە وەڵامی ئەو نوسراوەدا، سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراوی ژمارە (1524)ی ڕۆژی 9ـی ئەم مانگە پێشنیاز و داواکارییەکەی پەسندکرد و لە وەڵامدا دەڵێت، "ڕەزامەندی درا لەسەر لەخێشبون بە ڕۆژەی 50% لەو قەرزانەی کە کەوتونەتە ئەستۆی میدیاکان، بە مەرجێک گشت کەناڵەکان پابەند بن بە دانەوەی ئەو قەرزانە لە ماوەی یەک مانگ، لە ئەگەری پابەند نەبونیان سزای دواکەوتن بەتە سەر قەرزەکانیان".

بە گوێرە داتاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان زیاتر لە 300 کەناڵی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو تەمار کراون و لەو ژمارەیە سە لەسەر چواریان قەرزیان لەسەر کەوتوە. بەوتەی بەڕێوبەری گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، لە کەی 176 کەناڵی بیستراو، 132 کەناڵ قەرزارن و لە کەی 126 کەناڵی بینراو 94 کەناڵیان قەرزارن، واتە لە کەی 302 کەناڵ، 226 کەناڵیان قەرزارن.